جوێن بە مردووەکان مەدەن، چونکە ئەوان گەیشتن بە ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیاندا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جوێن بە مردووەکان مەدەن، چونکە ئەوان گەیشتن بە ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیاندا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە جوێندان بە مردووەکان وتانەدان لە کەسایەتیان ؛ حەرامە، وئەمە لە ڕەوشتە بەد وخراپەکانە، چونکە ئەوان گەیشتن بە کردەوەکانیان لە چاکە وخراپە، وئەم جوێندانە ناگات بە مردووەکان بەڵکو ئازاری کەسە زیندووەکان دەدات لە خزم وخۆشەویستەکانیان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5364